KCCRC

Islamic Studies

# تێڕامانێک لەسەر یەکگرتنی
# ئایین و ئایدۆلۆجیا



٩٣
زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# تێڕامانێک لەسەر یەکگرتنی ئایین و ئایدۆلۆجیا

سەباح موفیدی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٩٣

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com
kurdistan.kccrc@gmail.com
facebook.com/kurdistanccrc
053 - 318 2929
عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

کانوونی دووەمی ٢٠٢٠

# تێڕامانێک لەسەر یەکگرتنی ئایین و ئایدۆلۆجیا

سەباح موفیدی

## پێشەکی

ئایین و ئایدۆلۆجیا دوو هاندەری کاروبار و جموجووڵە کۆمەڵایەتییەکانن کە لە بڕیارەکانی ڕۆژانەدا دەردەکەون و لەسەر ژیانی خەڵک کاریگەرن. ئەو دووانە گەرچی هەندێ لایەنی هاوبەشیان هەیە بەڵام یەکیان زیاتر ئاڕاستەی ئەو جیهانی و مەعنەوی هەیە و ئەوی تریان ئاڕاستەی ئەم جیهانی و ماددی. واتە ئیمان و باوەڕ بە دەسەڵاتی ناماددیی و سەرووی سروشت وەک بنەمای سەرەکی ئایین، گرنگترین جیاوازیی ئایین و ئایدۆلۆجیایە. ئەمانە هەرچی لە مەبەستە سەرەکییەکەیان دوور دەکەونە و لە تایبەتمەندییەکانی یەکتر دەگرنە خۆ، لێکتر نزیک دەبنەوە و تێکەڵ دەبن. لەم نێوانەدا سیاسەت ئەو پانتاییەیە کە زیاتر لە پانتاییەکانی تر ئایین بە ئایدۆلۆجیاوە گرێ دەدات و ئیمانی ئایینی ئایدۆلۆجیایی دەکات. گەرچی ناووکی سەرەکی ئایین ئیمانی مەعنەوییە، کاتێک باسی ئایین دەکرێت تەنیا باسی ئەو ئیمانە پەتییە نییە و لایەنی کۆمەڵایەتیشی هەیە. بۆیە هەرچی ئایین بەرەو کاروباری ئەم جیهانی دەسووڕێتەوە زیاتر دەکەوێتە داوی ئایدۆلۆجیا و هەرچی ئیمانی ئایینی ئایدۆلۆجیاییتر دەبێت، لە پانتایی سیاسەت و کۆمەڵگادا مەترسیدارتر دەردەکەوێت. بەمجۆرە لەڕاستیدا ئایین لە ئەرکە سەرەکییەکەی و هەروەها لە ڕەوشت و ئەخلاق دوور دەبێتەوە. لەو ئاڕاستەیەدا، ئەم بابەتە بە کورتی ئاوڕێک دەداتەوە سەر جیاوازیی و لێکچوونی ئەو دوو دیاردە کۆمەڵایەتییە و کاریگەریی یەکگرتنیان.

## ئایین

ئایین پێناسەی زۆر و جۆراوجۆری هەیە و بە هەردوو جۆری سەرەکی/ماکیی و کردەیی وەسف کراوە. بە پێی باس و بیروڕای کۆمەڵناسان پێناسەی ماکیی ئایین دەکرێ بەمجۆرە بێت: «ئایین زنجیرەیەکە لە باوەڕ و کردەوە مەعنەوییەکان لە ئاڕاستەی بابەتی پیرۆز و سەرووی سروشت/مێتافیزیک کە باوەڕمەندانی وەک تاقە کۆمەڵێک یەکدەخات و واتا و ئاڕاستە دەدات بە ئەزموونەکانی ژیانیان. یەکێکە لە پێکهاتەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی. بێجگە لایەنە ئەخلاقییەکان، وەکو هەبووە مادییەکان لە پێکهاتە ئایینییەکان (وەک دامەزراوەکانی کەلیسا لە مەسیحییەت و مزگەوت لە ئیسلام)، گرووپە ئایینیەکان و بزووتنەوە ئایینییەکاندا دەردەکەوێت.»(١)
کەواتە ئایین دوو لایەنی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی هەیە کە لە ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەکاندا جیاوازیی هەیە لە نێوان ڕادەی گرنگایەتیدان بە هەرکام لەو دوو بوارە. هەروەها لە باری کردەییەوە، ئایین لە هەردووکی ژیانی مرۆیی تاکەکەسی و بەکۆمەڵدا دەردەکەوێت و زۆر کردەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا هەیە کە لە باسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا لایەنی بەکۆمەڵی ئەوە گرنگایەتی هەیە.
هەرچۆنێک بێت، ئایینەکان بریتی لە ئایینە نوێ و کۆنەکان زۆرن و لەوانە دەکرێ بە ئیسلام، جوو، مەسیحی، هیندوئیزم، بودیزم و ... تاد ئاماژە بکرێت کە هەموویان وەک ئایین هەندێ لێکچوونیان هەیە و هەر لەو کاتەشدا هەندێ جیاوازیی. بۆ نموونە، هەندێ ئایین وەک ئیسلام و مەسیحییەت لەسەر ئەو باوەڕەن کە یاساکانی سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤ لەلایەن خواوە دانراون. هەندێکی تر لەوانە بودیزم لەو باوەڕەدان کە ئەوانە یاسا سروشتییەکانن. لێکچوونی ئایینەکان وایکردووە کە لە بەرانبەر دیاردە و ڕەوتە نائایینییەکاندا بەتایبەت لە جیهانی مۆدێرندا کە ئایین بەرەو پەراوێز پاڵی پێوە نراوە، تاڕادەیەکی زۆر پاڵپشتی یەکتر بن و جیاوازییەکانیان بووەتە هۆی ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو بە هۆی ناکۆکی لە دژ یەکتر ڕاوەستن و زۆر جار کارەساتی مرۆیی ناخۆش لەوانە شەڕە ئایینییەکانی لێکەوێتەوە.

**ئایدۆلۆجیا**

ئایدۆلۆجیا لە زمانی ئینگلیزیدا لە کۆتایی سەدەی هەژدە بەملاوە بەکارهێنراوە. نووسەری فەڕەنسی دێستوت دو تراسی (A. L. C. Destutt de Tracy) ئەوەی وەک دەستەواژەیەک بۆ دیاریکردنی «زانستی بیرۆکەکان» پێشنیار کرد و لەو واتایەدا ئەم وشەیە هاتە ناو ئینگلیزیی و بڵاو بووەوە. گەرچی ئایدۆلۆجیا وەک دەستەواژەیەکی فەلسەفی پەرەی سەند، لە ماوەی چەند دەیەدا باری واتایی ناکردەوەیی گرت، لەوێوە کە ناپێلئۆن بە شێوەیەکی سووکاویانە بەکاریدەهێنا. ئەوڕۆکە وشەکە زۆرتر ئاماژە بە «کۆمەڵێکی سیستەماتیک لە باوەڕ و بیرۆکەکان»، بەتایبەت ئەوانەی گروپێکی تایبەت یان حزبێکی سیاسی، دەکات.(٢)

کەواتە چەمکی ئایدۆلۆجیا بە شێوازی جیاواز بەکارهێنراوە. ڕۆڵی بەرهەمهێنەر/گرنگی چەمکی ئایدۆلۆجیا لە ماتریالیزمی مێژوویيدا پێوەندیی هەیە بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چینی کرێکار وەکو هێزی سەرەکی لە پانتایی سیاسی سەدەی نۆزدەدا، کە کاریگەرییەکەی دابەزاندنی ئاڵۆزیی سەرەتایی ئەوە و جەمسەربەندیکردنی بە دوو کەمپ بوو. لە بەرانبەردا، بووژانەوەی چەمکی ئایدۆلۆجیا لە وێژمانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و خودی سیاسەتیشدا پێوەندیی هەیە بەم کاریگەرییەی جەمسەربەندیکردن کە ئاماژە دەکات بە هەردووکی پێویستیی و سنووردارێتییەکانی(٣)

مارکس و ئەنگێلس بۆ دیاریکردنی دەرهەستترین بۆچوونەکان کە جیهانێکی خەیاڵی لە بیرۆکەکانی دەرەوەی ژیانی ماددی داگیر دەکەن، چەمکی ئایدۆلۆجیایان بەکارهێنا.(٤) دواتر مارکسیستەکان ئایدۆلۆجیایان زیاتر بۆ دیاریکردنی پەڕۆیەکی وەهمی/باوەڕمەندێتی پیلاناوی کە چاوی ئاپۆرەکانی خەڵکی داپۆشاوە بەکارهێنا. زانایانی سیاسیش بۆ دیاریکردنی پێچراوە و جیلمەگەلێک لە ڕوانگە و هەڵوێستەکان ئەوەیان بەکارهێناوە کە زۆرتر باوەڕ وایە کە لە ئاقە حزب، ڕێکخراو یان دەوڵەتێکی هەرە چاکی بە باش زانراودا یەکدەگرن. هەروەها هەندێ کەس ئەوە بۆ دیاریکردنی باوەڕەکان، بۆچوونەکان و ڕوانگەکانی کەسانێک بەکاردەهێنن کە لەگەڵیان ناکۆکن.(٥)

ئایدۆلۆجیا بەپێی پێناسەی ئاکسفۆرد سیستەمێکە لە بیرۆکە و ئایدیالەکان، بەتایبەت ئەوەی کە بناغەی بیردۆزیی ئابووری و سیاسی پێکدەهێنێت.(٦) هەر لەو پێوەندییەدا، دەگوترێت کە ئایدۆلۆجیا دەستەواژەیەکی بێلایەنە بە واتای شێوازێ کە تێیدا پرۆسە کولتوورییەکان بۆ بیچم پێدان و ڕێنوێنی یان هەڵسووڕانی ئاکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەکاردەهێنرێن.(٧) کەواتە چەمکی ئایدۆلۆجیا بە بەربڵاوی بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفی زنجیرەیەک لە بەهاکان، ئەفسانەکان، بیرۆکەکان/ئایدیاکان، بۆچوونەکان، باوەڕەکان و وانەکان کە بیچم دەدەن بە ڕێبازێکی ئاکاریانە بۆ چالاکیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و/یان ژینگەیی کەس یان ڕێکخراوێک. ڕێکخراوەکە ڕەنگە حزبێکی سیاسی، حکوومەت، گروپێکی تیرۆریستی، ڕێکخراوێکی ناحکومی، کۆمەڵ یان گروپێکی چالاک بێت. ئایدۆلۆجیا جیهانی یان ناوچەییەکان زۆرن لەوانە کاپیتالیزم، فاشیزم، پارێزکاریخوازیی/کانزێرڤاتیزم، کۆمونیزم، سۆسیالیزم، فێمینیزم، پەسیفیزم و

> **هەموو ئایدۆلۆجیایەک ئیمانی بە مێتافیزیکی نییە بێجگە ئایدۆلۆجیا ئایینییەکان**



KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

ئینڤایرنمێنتالیزم/ژینگەخوازیی.(٨) هەرچۆنێک بێت، ئایدۆلۆجیا/هەرام بە هەردوو شێوەی گشتی و تایبەتی پێناسە کراوە کە ئایدۆلۆجیا سیاسی و ئایینییەکان لە گرنگترین ئایدۆلۆجیا تایبەتییەکانن.

### پێوەندیی ئایین و ئایدۆلۆجیا

هەر وەک ئاماژە کرا، ئایین بە شێوەی ئاسایی باوەڕ بە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی سەرووی مرۆڤ بریتی لە خوایەک یان خواکان و یان هێزێکی مێتافیزیک وەسف دەکات؛ هەروەها بێجگە سیستەمێکی ئیمان و پەرستن، ئەوە وەک ئایدۆلۆجیا بریتییە لە

> **حزبە ئایینییەکان و بناژۆخوازان ئایین دەکەن بە ئایدۆلۆجیا، لە ناسیۆنالیزمی ئایینیشدا ئایین دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزم**

زنجیرەیەک لە بەهاکان، ئەفسانەکان، بیرۆکەکان/ئایدیاکان، بۆچوونەکان، باوەڕەکان و وانەکان کە بیچم دەدەن بە ڕێبازێکی ئاکاریانە بۆ چالاکییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، چاندیی و/یان ژینگەیی کەس یان ڕێکخراوێک.(٩) ئایین یان ئایدۆلۆجیایەکی هاوبەش ڕێگایەکی کردەوەییە بۆ کەسانی هاوبیر بۆ دۆزینەوەی یەکتر و پێکەوەکارکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش.(١٠)

کەواتە ئایین و ئایدۆلۆجیا هەندێ لێکچوون و هەندێ جیاوازییان هەیە کە جیاوازیی سەرەکییان لە ئیمان و باوەڕ بە مێتافیزیکدایە. ئەم باوەڕمەندییە تایبەتمەندیی ئایینە و لەڕاستیدا ئایدۆلۆجیا بۆخۆی وەک دیاردەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی دنیایی وێڕای هەبوونی هەندێ بیرۆکەی ئایدیالی و خەیاڵی ئەو باوەڕمەندییەی نییە. بەوەشەوە ئایدۆلۆجیا بە تێپەڕینی کات و وردە وردە وەک چەمکە مۆدێرنەکانی تر ئاوەڵناو و پاشگری لەخۆ گرت و ئەویش وەک ئایین جۆراوجۆریی تێکەوت. یەک لەوانە ئایدۆلۆجیای ئایینی بووە کە بە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئایینییەکان و دەستێوەردانی ئایین لە سیاسەتی مۆدێرندا لە بەرانبەر ئایدۆلۆجیا سێکیولارەکاندا سەریهەڵدا. ئایدۆلۆجیا چوارچێوە دەدات و هەندێ هاوشێوەی ئایینە بەڵام هەموو ئایدۆلۆجیایەک ئیمانی بە مێتافیزیکی نییە بێجگە ئایدۆلۆجیا ئایینییەکان و کاتێک ئایین دەکرێت بە ڕێکخراوەیی و لە ڕەوشی نەریتی دێنە دەرەوە و لە چوارچێوەیەکدا بۆ ئاڕاستەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت، دەچێنە بازنەی ئایدۆلۆجیا و ئایدۆلۆجیای ئایینی پێکدێت. بەم شێوەیە بەتایبەت بە هۆی ئایینی سیاسی، لەلایەک ئەم جۆرە ئایدۆلۆجیا ئەو تایبەتمەندییەی ئایین لەخۆ دەگرێت و لەلایەکی ترەوە، ئایینیش زیاتر بەرەو پرسە زەوینییەکان ڕادەکێشرێت و تێکەڵ بە پرسە چوارچێوەدارەکانی سیاسی-ئابووری دەبێت و لە ئایدۆلۆجیا نزیک دەبێتەوە.

لەو پێوەندییەدا جێی ئاماژەیە کە ئاینداریی دیاردەیەکی ئاڵۆزە و بە وتەی چارلز گلاک (Charles Glock) ئەوە پێوەندیی هەیە بە چوار لایەنی ئەزموونیی، ئایدۆلۆجیایی، پەرستنیی و دواهاتیی. لەمانە تەنیا لایەنی ئایدۆلۆجیایی پێوەندیی بە باوەڕە ئایینییەکانەوە هەیە واتە لایەنێ کە چوارچێوە دیاریی دەکات. بەوەشەوە، ئایدۆلۆجیای ئایینی چەندین لایەنی هەیە کە پێکەوە گرێدراون. لەوانە چوار لایەنی سەربەخۆی ئایدۆلۆجیای ئایینی بریتین لە باوەڕ، دەمارگرژیی، تێگەیشتن لە خۆ و دووانەیی

لە باوەڕدا. کە سێیانی یەکەم ڕاستەوخۆ پێوەندییان پێکەوە هەیە و چوارەمی بە شێوەی پێچەوانە پێوەندیی بەو سیانەکەوە هەیە. ئەم لایەنانە پێوەندییان بە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی وەک دەسەڵاتخوازیی، ئاستی بەپەرۆش بوون، پارێزکاریی و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک ناوچەی شوێنی نیشتەجێبوون، قەبارەی کۆمەڵ، و سێکس/ڕەگەز هەیە.(١١)

لەبەر ئەوەی کە بازنەی ئایدۆلۆجیا بەرتەسکترە لە ئایین و هەندێ لە ئایینەکان بەتایبەت ئیسلام وێرای باوەڕ بە مێتافیزیک، بەرنامەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییان بۆ ژیانی دنیایی هەیە، سەرەتا وێدەچێت کە ڕێبەرە سیاسی-ئایینییەکان ویستبێتیان ئایین وەک ڕکابەری ئایدۆلۆجیا بهێننە ئاراوە بەڵام لەڕاستیدا کردیان بە ئایدۆلۆجیا و ئایدۆلۆجیای ئایینییان پێشکەش کرد. گرنگترین ئایدۆلۆجیای ئایینی، ئایدۆلۆجیای ئیسلامی بووە. ئیسلام وەک ئایینێک کە تەنیا سەرنجی مەعنەوییەت نادات و بەرنامەی ئابووری و سیاسی بۆ کۆمەڵگا هەیە، زیاتر لە ئایینەکانی دیکە بەهرە و توانستی داپێنکردنی بنەماکانی ئایدۆلۆجیای هەبووە و کراوە بە ئایدۆلۆجیا، بەجۆرێ کە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا چەندین جۆری ئایدۆلۆجیای سیاسی ئیسلامی سەریانهەڵداوە.

گەرچی ئایدۆلۆجیای ئایینی-سیاسی لە بەرانبەر ئایدۆلۆجیاکانی دیکەدا خۆی پێناسە دەکات و داواکاریی بە ئەخلاقی و ئایینیکردنی سیاسەتی هەیە، بەڵام هەر لەو کاتەدا بە خۆخافڵاندنی زۆر بە کاروباری سیاسی-کۆمەڵایەتییەوە ئایین لە ئەرکە سەرەکییەکەی واتە کاروباری پێوەندیدار بە لایەنی مەعنەوی ژیانی مرۆڤ لە ئاڕاستەی ئیمانی ئاسمانی و سەرووی سروشت و هەروەها ڕەوشت و ئەخلاق لە کاروباری دنیاییدا دوور دەخاتەوە و هەندێ جار بەرەو توندوتیژیی ڕایدەکێشێت. ئەوە لەکاتێکدایە کە دەستێوەردانی هەمەلایەنە لە هەموو بوارەکاندا لە سەردەمی مۆدێرن و لەگەڵ جیابوونەوەی بوارەکانی زانست و زانیاریی و چوونیان بەرەو پسپۆڕایەتی، ناتوانێ سەرکەوتنی ئەوتۆی بە دواوە هەبێت.

بەپێچەوانەوە، ئایینێ کە گرنگایەتی بە ئەرکی سەرەکی پێوەندیدار بدات، زیاتر ڕێبازی کولتووری و ئاشتیانە دەگرێتە پێش و لە توندوتیژیی و خۆگرێدانی بێ سنوور بە سیاسەت دوورەپەرێزیی دەکات. لەو پێوەندییەدا، گرووپە توندڕەوە ئیسلامییە سیاسییەکان گەرچی داواکاریی ئیمان و ئایینی بوونیان زیاترە، بەڵام لەڕاستیدا زیاتر سەرنجی باری سیاسی ئایینیان داوە و خۆیان خستووەتە چوارچێوەی ئایدۆلۆجیاوە. بۆیە لە ئاکامدا ئایینیان بۆ ئاستی ئایدۆلۆجیا یان گۆڕینی بە ئایدۆلۆجیا دابەزاندووە و ئیمانیان بەرەو ئایدۆلۆجیاییبوون بردووە کە بۆ ژیانی مرۆڤ مەترسیدار بووە.

### مەترسی بە ئایدۆلۆجیاییبوونی ئیمانی ئایینی

ئیمان واتە باوەڕ و بڕوا یان متمانەی پتەو لە ناخ و دڵەوە بە شتێک، کەسێک یان بیرۆکەیەک کە دەرەنجامی ئەوە کەسی ئیماندار دڵنیا دەبێتەوە و شک و گومانی نامێنێت. لە بەستێنی ئاییندا، ئیمان متمانە و بڕوایە بە سیستەمێکی تایبەت لە باوەڕی ئایینی بەتایبەت باوەڕ بە دەسەڵاتی سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤ. بۆ نموونە، بە گشتی لە ئیسلامدا ئیمان باوەڕە بە بنەماکانی ئەو ئایینە بەتایبەت تاقانە خوایەکی خاوەن دەسەڵاتی تەواو و خولقێنەری جیهان بە هەموو شتێکییەوە و لە پەنای ئەوەشدا باوەڕ بە پێغەمبەرانی و ڕۆژی پەسڵان.

لەو پێوەندییەدا پێویستە ئاماژە بکرێت کە چۆن ئایین بۆ مرۆڤە و نەک بەپێچەوانەوە، بە شێوەی ئاسایی ئەو چاوەڕوانییە هەیە کە دەرەنجامی ئیمانی ئایینی دەبێت دڵنیابوونەوە و کەشێکی مەعنەوی و مەعنەوییەتێ بێت کە مرۆڤ لە ئاکاری دنیایی نەگونجاو و ڕاڤەی زۆرتر دنیایی و ماددی لە بابەتە ناماددییەکان بپارێزێت و لە توندوتیژیی دووری بکاتەوە. بۆیە نەپاراستنی هاوسەنگی لە نێوان ئەرکی مەعنەوی و کۆمەڵایەتیدا و لە ئاکامدا زیاتر خستنە چوارچێوە و تێکەڵکردنی ئایین بە بابەتە ماددیی و دنیاییەکان بە جۆرێ کە لە دەلاقەی بابەتی دنیاییەوە



KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

سەیری بابەتی مەعنەوی بکرێت نەک بەپێچەوانەوە، دەرەنجامەکانی چاوەڕوانکراو لە ئیمانی ئایینی بەدواوە نابێت و ئەو ئیمانە ئایدۆلۆجیایی دەکرێت کە بە ئەگەری زۆرەوە توندوتیژیی لێدەکەوێتەوە. کەواتە هەرچی ئیمانی ئایینی ئایدۆلۆجیاییتر دەبێت مەترسیدارتر دەردەکەوێت چۆن لە ئیمانی ئایینی بە قازانجی بیرۆکەیەکی تر بۆ پاساوی ئاکارە سیاسی و دنیاییەکان کەڵکی نالەبار وەردەگیردرێت. ئایدۆلۆجیاکان بە مەیل و لە ئاراستەی ڕەچاوکراویاندا بژاردەکان هەڵدەبژێرن و جار وایە ئامرازن بۆ لادان لە ڕێسا ئەخلاقی و ڕەوشتییەکان و کارە نائەخلاقییەکان پاساو دەکەن کە ئەمە ناکۆکە لەگەڵ ئەرکی سەرەکی ئایین. بۆیە کاتێک ئیمانی ئایینی و ئایدۆلۆجیا یەکدەگرن مەترسیدارترین دۆخ سەرهەڵدەدات و بە ساکاریی کوشتن و برینی مرۆڤ لەلایەن کەسی ئیماندارەوە لە ڕێگای ئیمانەکەیدا پاساو دەکرێت.(١٢)

### یەکگرتنی ئایین و ئایدۆلۆجیا لە سیاسەتدا: سەمبولیزم و ناسیۆنالیزم

وەک لە بەشەکانی پێشوودا دەردەکەوێت، ئایین و ئایدۆلۆجیا زیاتر لە گۆڕەپان و پانتایی سیاسەتدا، یەکدەگرنەوە. بۆیە لە شۆڕشە ئایینییەکان یان حزبە ئایینییەکاندا، ئایین بە ئاسانی دەکرێت بە ئایدۆلۆجیا. هەر لەو پێوەندییەدا حزبی سیاسی ئایینی جۆرێک لە حزبە پێکهاتەییەکانە کە ئایین بنەما و فاکتەرێکی پێکهێنانی ئەوەیە و وەک بەشی گرنگی ئایدۆلۆجیای خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێت. لەو پەیوەندییەدا هەندێ وەک ناندی (Nandy) ئاماژە بە دوو جۆر ئایین دەکەن؛ ئایین وەک ئیمان و ئایین وەک ئایدۆلۆجیا. بە وتەی ئەو مۆدێرنیزاسیۆن سەرەتا ‹ئایین وەک ئایدۆلۆجیا›ی بەرهەمهێنا و پاشان سێکیولاریزمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدۆلۆجیای سیاسەتی مۆدێرن پێکهێنا.(١٣)

گەرچی ئایدۆلۆجیاکان ئاراستەیان بەرەو بزووتنەوە سیاسییەکانە و ئایینەکان بەرەو مەعنەوییەت، هەندێ لایەنی هاوبەش لە نێوان ئایین و ئایدۆلۆجیا لە سیاسەتدا بەکاردەهێنرێن لەوانە ئایین لە بەسیاسیکردن، ڕێکخستن و بەجووڵەخستنی ئاپۆرەی خەڵک لە ڕێگای سەمبولە پیرۆزەکانەوە کاریگەریی هەیە. کەواتە، ئایین و ئایدۆلۆجیا لە سەمبولیزمدا یەک دەگرنەوە. بە وتەی گیرتز (Geertz) ئایین دەکرێ وەک ئایدۆلۆجیا وێنا بکرێت کاتێک سیستەمێکی ئایینی وەکو هۆشەڵەیەک لە سەمبولە پیرۆزەکانە کە لە ناو هەندێ جۆری ڕێکخراوی گشتی راسپێردراودا پێچراونەتەوە. ئایین وەک ئایدۆلۆجیا، بۆ نموونە، لە ئاستی کولتووریدا هەندێ هەلی ژینگەی پێوەندیدار بە چەمک بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات. لەم بەستێنەدا،

> **بازنەی ئایدۆلۆجیا بەرتەسکترە لە ئایین و هەندێ لە ئایینەکان بەتایبەت ئیسلام وێرای باوەڕ بە مێتافیزیک، بەرنامەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییان بۆ ژیانی دنیایی هەیە**

وەک ئایدۆلۆجیا، دەبێتە سیستەمێک لە سەمبولەکان. ئایین بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەدا کە لە ئێپەڕین و گواستنەوەدان سەرچاوەی گرنگی ناوەڕۆکی ئایدۆلۆجیاییە. ئایین وەک ئایدۆلۆجیا ڕۆڵی گرنگی بۆ حزبە سیاسییەکان لە هەندێ وڵاتدا هەیە بەتایبەت لە وڵاتانی موسڵمان لەوانە لە ئێران، پاکستان و عێراق. لە روانگەی ‹ماکسیم رۆدینسۆن›ەوە (Maxime Rodinson) ئیسلام کراوە بە ئایدۆلۆجیایەک کە لە ڕێگای لایەنی سەمبولیک و هێزێکی ئۆکمەی بەهێز

بۆ کۆمەڵی باوەڕمەندان بەتایبەت واتای سەمبولیکی «ئەڵڵا» بێ ڕەچاوکردنی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوانیاندا بەجووڵەخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاسان دەکاتەوە. کەواتە هەر وەک هەمیلتۆن (Hamilton) دەڵێت ئایین ڕەنگە خۆی بداتە بە قەرز بۆ بەکارهێنانە ئایدۆلۆجیاییەکان و بە دەسکاریی ئایدۆلۆجیایی دەکرێ بۆ مەبەستە ئایدۆلۆجیاییەکان بەکاربهێنرێت.(١٤)

هەروەها ئایین ڕۆڵێکی گرنگی لە ناسیۆنالیزمدا هەیە و بۆخۆی کۆڵەکەیەکی جۆرێ ناسیۆنالیزم واتە ناسیۆنالیزمی ئایینییە. لە پێوەندیی لەگەڵ پەرەپێدانی سیاسی و چەکداریدا ئایین ڕەنگە ببێتە یارمەتیدەری وڵاتان و ئەنانەت بناغەی پێکهێنانی دەوڵەتەکان کە لەوانە دەکرێ بە ئیسرائیل، پاکستان، ئێران و ... ئاماژە بکرێت. کێدی (Keddie) لە شرۆڤەی دوو جۆر «سیاسەتی ئایینیی نوێ»دا بەکارهێنانی دەسەڵاتی حکوومەت بۆ ئایین واتە «بناژۆخوازیی» لە کۆنترۆڵی وڵات بە ئایین واتە «ناسیۆنالیزمی ئایینی» جیا دەکاتەوە. کە لە هەردووکدا لە ڕاستیدا ئایین وەک ئایدۆلۆجی یان بەشێک لە ئایدلۆجیایەکی تر ڕەچاو دەکرێت. کەواتە جیا لەوەی کە حزبە ئایینییەکان و بناژۆخوازان ئایین دەکەن بە ئایدۆلۆجیا، لە ناسیۆنالیزمی ئایینیشدا ئایین دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزم. بۆیە لە هەندێ وڵاتدا بە هۆی ئەشەنەی زاڵی یەکێک لە ئایینەکان ناسیۆنالیزمی ئایینی بۆی هەبووە لەوانە، هێند، پاکستان، تورکیا، ئێران و ئیسرائیل. ناسیۆنالیستە ئایینییەکان وەک فریدلەند (Friedland) دەڵێت سیاسەت دەکەن بە زۆرەملێی ئایینی و سیاسییانە دەقە ئایینییەکان دەخوێننەوە.(١٥) بۆ وێنە، لە ئێراندا لە سەردەمی شۆڕشی ١٩٧٩ هەندێ ئایدۆلۆگ وەک شەریعەتی و موتەهەری ئایینی نەریتیان کرد بە ئایینی ئایدۆلۆجیایی و لە ئایینی شیعە بۆ هاسانکردنەوەی وەجووڵەخستنی ئاپۆرەی خەڵک کەڵکیان وەرگرت و زیاتر لە پێش کردیان بە بنەمای ناسیۆنالیزمی ئێرانی فارس-شیعە تەوەر.

**ئەنجام**

ئەم بابەتە ویستی تیشکێک بخاتە سەر پێوەندیی ئایین و ئایدۆلۆجیا، جیاوازیی، لێکچوون و کاریگەریی یەکگرتنیان پیشان بدات کە چۆن ئاستی ئایین دادەبەزێندرێت و وەک ئایدۆلۆجیا بەکاردەهێنرێت. هەرچۆنێک بێت، بەپێی دوو پێناسەی ماکیی و کردەیی لە ئایین کە ئاماژەی پێ کرا، لە پێوەندیی لەگەڵ ئایدۆلۆجیادا ئایین زیاتر لایەنی پێناسەی کردەیی بەخۆوە دەگرێت. ئایین سەرنجی هەردوو لایەنی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی دەدات و گەرچی ئاڕاستەی زیاتر بەرەو مەعنەوییەتە بەڵام وەک پردێک لە نێوان ئەوانەدا جۆرێ هاوسەنگی دەپارێزێت و لە ئیمان بە مێتافیزیک وەک تایبەتمەندیی سەرەکی و گرنگایەتیدان بە ڕەوشت و ئەخلاق لە ئایدۆلۆجیا جیا دەکرێتەوە. لەکاتێکدا کە ئاڕاستەی ئایدۆلۆجیا بەرەو سیاسەت و کۆمەڵگایە و هەر لەم پانتایی و بوارەشدایە کە ئایین و ئایدۆلۆجیا بە یەک دەگەن و لێکچوونیان هەیە و دەبنە ڕکابەر یان هاوبەش و ڕەنگە تایبەتمەندیی یەکتر وەرگرن. بە هۆی دانوستانی ئەم دوو دیاردە لە کۆمەڵگا و پانتایی سیاسەتدا بە تێپەڕینی کات وردە وردە ئایدۆلۆجیای ئایینی لە بەرانبەری ئایدۆلۆجیای سێکیولاردا پەرەی سەند و لەو ڕێگایەوە ئایین بەرەو چوارچێوەی ئایدۆلۆجیایی ڕاکێشرا. بە هۆی بەسێکیولاربوونی کاروباری جیهانیی کە زۆرێک لە بوارەکان لە ژێر کۆنترۆڵی ئایین دەرهاتبوون و هەروەها ناکارامەیی ئایین لە پانتایی سیاسی-کۆمەڵایەتیدا، ڕەوتی بەرەو ئایدۆلۆجیابردنی ئایین لەسەر ئەرکی ئایین لە کاروباری مەعنەوی و پێوەندیدار بە ڕەوشتیش کاریگەر بوو و ئاستی ئەوەی دابەزاند. ئەوەی کە ئایین وەک ئیمان و مەعنەوییەت سەیر بکرێت یان وەک ئایدۆلۆجیا لە بۆ کۆمەڵگا گرنگایەتی هەیە. ئایین هەرچی زیاتر لایەنی ئیمان و مەعنەوییەت بگرێت و لە بوارە ناپێوەندیدارەکاندا دەستێوەردانی نەبێت کەمتر دەکەوێتە داوی ئایدۆلۆجیا و هەرچی ئاڕاستەی زیاتر بەرەو بەرنامە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان بێت زیاتر لە ئایدۆلۆجیا

نزیـک دەبێتـەوە. دواهاتـی راکێشـانی زۆری ئاییـن بـەرەو سیاسـەت و خسـتنە چوارچێـوەی ئایدۆلۆجیـا، بـە ئایدۆلۆجیاییکردنـی ئیمـان و لـە ئاکامـدا سـەرهەڵدانی توندوتیژیـی و ناکۆکـی بـووە. کەوانـە یەکگرتنـی ئاییـن و ئایدۆلۆجیـا مەترسـیدارە و هەرچـی ئیمانـی ئایینـی زیاتـر ئایدۆلۆجیایـی بێـت، مەترسـی لەسـەر ژیانـی مرۆیـی زیاتـر و توندوتیژتـر دەبێـت کـە ئەمـە گرنگتریـن کـردەی دژە ئەخلاقییـە. بۆیـە ئایدۆلۆجیـای ئایینـی لـە سیاسـەتدا بەپێچەوانـەی داواکارییەکـەی جووڵاوەتـەوە و ئاسـتی رەوشـت و ئەخلاقـی دابەزانـدووە.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١- Sabah Mofidi, The Political Function of Religion in Contemporary India (Hinduism and Islam), SWASTIC Publications, ٢٠١٥, p. ٢٢.

٢- See: https://www.merriam-webster.com/dictionary/ideology

٣- Etienne Balibar, Masses, Classes, Ideas, Studies on Politics and Philosophy before and after Marx, translated by James Swenson, New York; Rutledge, ١٩٩٤, p. ١٥١.

٤- لـەو پێوەندییـەدا پێویسـتە روون بکرێتـەوە کـە گەرچـی ئایدۆلۆجیـا بۆخـۆی باسـی ئایدیا/بیرۆکـەکان دەکات کـە خۆیـان لـە دەرەوەی ژیانـی ماددیـن بـەڵام ئاراسـتەیان بـەرەو جیهانـی ماددییـە و سـەبارەت بـە جیهانـی ماددیـن یـان باشـتر بڵێیـن ئـەم جیهانیـن، واتـە بیرۆکـەن لەسـەر کاروبـاری کۆمەڵایەتـی.

٥- John Levi Martin, “what is ideology?”, SOCIOLOGIA, PROBLEMAS E PRÁTICAS, n.° ٧٧, ٢٠١٥, pp. ٩-٣١. DOI:٧٤٥٨/SPP٢٠١٥٧٧٦٢٢٠٨١٠,

٦- See: https://www.lexico.com/en/definition/ideology

٧- James K. Wellman Jr., “Religion, Ideology, and Belief”, at: https://www.oxfordscholarship.com/view/١٠٩٣,١٠,٨/acprof:o٨١٠,١٠٩٣:DOI so/٠٠١٠,٠٠٣,٩٧٨٠١٩٥٣٠٠١١٦

٨- Roberto J. Burrowes, “The Psychology of Ideology and Religion”, at: http://www.ipsnews.net/٢٠١٦/٠٧/the-psychology-of-ideology-and-religion/

٩- Ibid.

١٠- Ibid.

١١- Snell Putney and Russell Middleton, “Dimension and Correlates of Religious Ideologies”, Social Forces, Volume ٣٩, N. ٤, May ١٩٦١, p. ٢٨٥ - ٢٩٠.

١٢- بڕوانـە: عبداللـە نصـری، «نسـبت دیـن بـا ایدئولـوژی»، قبسـات، ١٣٧٧، شـماره ٧.

١٣- بڕواننە: Mofidi, ٢٠١٥, p. ٤١.

١٤- Mofidi, ٢٠١٥, p. ٤١-٤٣.

١٥- Mofidi, ٢٠١٥, p. ٤٩.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS